# ناسنامە و زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا

**ئازاد عزیز سلێمان**[1]

[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە :**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتکراوە بۆ تیشکۆ خستنەسەر گیروگرفتەکانی زمانی خوێندن و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لە پەروەردە و خوێندنی باڵادا، چونکە گریمانە دەکەین، کە لەژیانی هاوچەرخماندا مەترسیەکی گەورە هەیە، کە هەڕەشە لە کەسێتی کەلتوریمان دەکات، لەسایەی ئەو جیهانگەراییەی کەوا دەیەوێت ناسنامە نەتەوایەتییەکان لاواز بکات و هەژمونی کەلتورێکی تاک جەمسەری بسەپێنێت، کە خۆی لە زمانی ئینگلیزیدا دەنوێنێت. ئەگەر ئێمە پێشتر بەرپرسیارییەتی فشارەکانمان بۆ سەر زمانی کوردی خستبێتە سەرشانی دوژمنانی نەتەوەکەمان لە کاتی داگیرکاریدا، ئەوا ئێستا بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (لەوەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا) بەرپرسیاریەتییان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە خاوەن سیاسەت و پلانێکی زمانی نین و، سنورێک بۆ ئەم فەرامۆشکردنەی زمانی کوردی و دەرچون لە یاسا و دەستوری وڵات دانانێن. لەو بارەیەوە بۆچونە جیاوازەکان لەبارەی زمانی فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن و کاریگەرییەکانی لەسەر ناسنامەی زمانی لەلایەن تاک و کۆمەڵگەی کوردی دەستنیشانکراوە، هەروەها پۆلێنی جۆری قوتابخانە و ناوەندەکانی فێرکردن بەپێی زمانەکان کراون، لەکۆتایدا بایەخ و گرنگی زمان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆکراوە، بەئامانجی ڕەنگرێژکردنی پلانێک بۆ کەتواری ئێستای زمانی کوردی لە پرۆسەی فێرکاریدا.

**کلیلە وشـەکان:** زمانی کوردی، زمان، ناسنامە، فیرکردن، پەروەردە.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

**Received:** 12-September-2022

**Accepted:** 17-October-2022

**Published:** 29-December-2022

**Corresponding Author E-mail:**

Azad.sleman@su.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

### ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ناسنامە و زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا)یە، توێژینەوەکە گرفتەکانی زمانی کوردی لە پرۆسەی فێرکردن لە دامەزاروە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکات. بواری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە ژیانی هاوچەرخماندا مەترسی گەورە هەیە، کە هەڕەشە لە کەسێتی کەلتوریمان دەکات لەسایەی ئەو جیهانگەراییەی کەوا دەیەوێت ناسنامە نەتەوایەتییەکان لاوازبکا، هەژمونی زمانی ئینگلیزی کە خاوەن ڕۆشنبیرییەکی تاک جەمسەرییە بسەپێنێت، بەهۆی پرۆسەی فێرکاری لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردییەکان.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە، وەسفی شیکارییە لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، لەسەر زمانی کوردی، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا.

### کێشەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بدەینەوە، لەوانە: چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان ناسنامە و زمان؟ ئایا زمانی دایک ناونیشان و ئەدگارە بۆ کەسایەتی تاک و کۆمەڵ؟ ئایا هەمو زمانەکان یەکسانن لە جێبەجێکردنی ئەرکدا؟ بایەخ و گرنگی زمان لە پرۆسەی فێرکردن لە چیدایە؟ چۆن دەتوانین ڕەنگرێژی پلانێکی کەتواری بۆ زمانی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵادا بکەین؟

### گریمانەی توێژینەوەکە:

١- گریمانەی ئەوە دەکەین، بۆچونێک لە پەروەردە و خوێندنی باڵادا زمانی کوردی وەک زمانی زانست سەیر ناکات.

٢- گریمانەی ئەوە دەکەین، زمانی ئینگلیزی ببێتە هۆی لاوازی ناسنامەی نەتەوایەتیمان کە زمانی کوردییە.

٣- گریمانەی ئەوە دەکەین، کە زمانی دایک ناونیشانە بۆ ئادگاری کەسایەتیی تاک و کۆمەڵ کە لە نێو کەسانی دیکەدا پێی دەناسرێتەوە.

### ناوەڕۆک:

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (ناسنامە و زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستان)ە، لە چەند بەش و وەچە بەشێک پێکهاتوە، کە هەر یەکێکیان بۆ ڕونکردنەوەی بابەتێک تەرخانکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە بەشی یەکەمدا: چەمکی زمان و ناسنامە و زمان و پەروەردە، هەروەها فێرکردن بە زمانی بیانی و یەکسانی زمانەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکدا باس کراوە، لە کۆتایی بەشەکەدا باس لە کاریگەرییە نەرێنییەکان فێرکردن بە زمانی ئینگلیزی باسکراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

لەبەشی دووەمدا تەوەرێک بۆ باسکردنی کەتواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە و کەتواری زمانی فێرکردن لە قۆناغ فێرکردنی زانکۆیی خراوەتەڕو، لەتەوەرێکی تریشدا زمانی کوردی لە خوێندنی باڵادا لە نێوان پشتگیریی کردن و ڕەتکردنەوە خراوەتەڕو. لە کۆتایی بەشی دووەمدا ڕەنگرێژی پلانێکی زمانیمان بۆ هەرێمی کوردستان کردوە و لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێکی نوێ دەربارەی بابەتەکە خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم: هەندێ لایەنی تیۆری

### ١-١ زمان و ناسنامە

پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە پەیوەندییەکی بەهێزە، زمان پێش هەمو شتێک ئامرازێکی پەیوەندیکردنە. پەیوەندی و پێکەوەبونی کۆمەڵایەتی مەرجی لە خۆتێگەیشتنی تاکێکە. بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێ"من"ی خۆی بناسێنێ. تاک پێویستی بەوە هەیە، کە پردێکی کۆمەڵایەتی دروستبکات کە ئاسانکارییەکە بۆ باشتر خۆناساندنی، زمان ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە و بەیارمەتی ئەو ئەو پردە کۆمەڵایەتییە دروست دەبێت، کە بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی و ناسنامە پێویستە (قەرەداغی،٢٠٠٠ : ٢٩). چەمکی ناسنامەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هەریەک لە چەمکەکانی هۆشیاری و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی و ئەندامیەتی ناو کۆمەڵگە و گروپەکان و نیشانگەرایی و چەندان چەمکی تری هاوشێوەوە هەیە(جون جوزیف،٢٠٠٧ :٣٧). هەر بەهۆی ئەم پەیوەندییەوە بەچەندین جۆر و لەچەندین ڕەهەندەوە پێناسە کراوە.

ناسنامە لە زمانی عەرەبی بە (هویە) و لە فارسیش بە (هویت) و لە ئینگلیزیش بە (Identity) هاتوە. بەگەڕانەوە بۆ فەرهەنگی زمانەوانی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد دەردەکەوێت کە چەمکی ناسنامە ڕیشەیەکی لاتینی هەیە. (Identites) لە وشەی (Idem) سەرچاوەی گرتوە و بەمانای (هاوشێوە و یەکسان) دێت و دو مانای هەیە، یەکەمیان هاوشێوەیەیی ڕەها دەگەیەنێت، بۆنمونە ئەم شتە وەک ئەوە وایە. دوەمیش بەواتای جیاوازی و تایبەتمەندی دێت، کە بە گوزەری ڕۆژگار ئەم مانایەی وەرگرتوە، بەم شێوەیە بە مانای (چۆنیەک و هاوشێوەیی) لە دو گۆشەنیگای جیاوازەوە سەرچاوەی گرتوە. چەمکی ناسنامە لە یەک کاتدا لە نێوان تاک و شتەکاندا مانا وەردەگرێت، کە لەسەرێکەوە هاوشێوەیی و لەسەرێکی تریشەوە جیاوازی بەرهەمهێناوە. (ئیدریس و هەردی، ٢٠١٦: ٣٤) ئێمە ناتوانین گروپێکی مرۆڤ وەکو نەتەوەیەک یان میللەتێک بناسێنین، بەبێ ئەوەی ئەوان زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆ گفتوگۆکردن، کە دەبێتە ناسنامە بۆیان (شێرزاد و عەبدولسەلام، ٢٠١١: ٣٤). پێشتر چەمکی زمان و ئەرکەکەی، وەک لێهاتویی و کەناڵی پەیوەندیی لە یەکگەیشتن و هۆکاری ئاڵوگۆڕی زانیاریی و دەربڕین پەسنکرابو، لێکەوتەی ئەم ناساندنە تێڕامان و تێفکرینی نوێی بۆ زمانی دایک بەرهەمهێنا، بەوەی لەگەڵ پرۆسەی پەیوەندیگرتندا، زمان تاکە هۆکارە، کە پێیەکی لە مێشک و ئاوەزی مرۆڤدایە و پێیەکی تریشی لە دەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزەو جیهانی دەرەوەیە بە یەکترییەوە، لەبەرئەوەی زمان هەم هۆکارو هەم سەرچاوەی مرۆڤسازی و ژیانسازییە و ئەرکی گەورە و کرۆکی لە بنیاتنانی کەسێتی مرۆڤدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

دەگێڕێت، بەڵگە بۆ ئەمەش کامڵبونی هەردو کردەی زمانپژان و ڕەنگرێژی کەسایەتی منداڵە لە تەمەنی پێنچ ساڵیدا پێکەوە هەردوکیان کامڵدەبن.

پوختەی هەمو ئەمانە ئەوەیە، کاتێک منداڵ فێری زمان دەکەین فێری کەلتور و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی دەکەین، لەڕێی ئەو واتا و بیرانەی، کە بەهۆی زمانەوە وەریدەگرێت، لەبەرئەوە هەر کەموکورییەک لە زمان، گرفت بۆ کۆ زانیاری و بیر و چۆنیەتی بیرکردنەوە و فێربون و پەیوەندی لە یەکگەیشتنی منداڵان دروستدەکات، لەلایەکی تریشەوە گوفتارو ڕەفتار و ئاکارەکانیش، کە لێکەوتەی زمانن، دەرکردەی دەبن (شیلان، ٢٠١٦: ١٨٣ – ١٨٤). گرنگی زمانی دایکیش سەبارەت بە هەر کەسایەتیەکی نەتەوەیی بۆ دو خاڵی بنچینەیی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان: ئەوەیە کە زمانی دایک ناونیشانە بۆ ئادگاری کەسایەتییە سەرەکییەکە کە لەنێو کەسانی دیکەدا پێی دەناسرێتەوە، دوەمیشیان: ئەوەیە کە زمانی دایک پەنجەرەیەکە کەوا کەسایەتییەکە تیایدا سەیری مێژو و شارستانیەت و بەهاکان و ڕۆشنبیریی خۆی دەکات. هەر لەبەرئەوەشە ئەگەر نەتەوەیەک وازی لە زمانەکەی خۆی هێنا، یان ڕێگەیدا لاوازبێت یانیش ڕێگەیدا گاڵتەجارێک وێنەکەی بشێوێنێ و هەقیقەتەکەی بهەژێنێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە بەرەو توانەوە و نەمان دەڕوات (محمود، ٢٠١٣: ١٠).

بۆیە دەکرێت بڵێین، کە زمانی دایک بەشێکە لە ناسنامەی تاکەکەسی لەڕێگەی زمانەکەی دەگات بە خۆئاگاییەکی هەستیار و خۆیان وەک بونێکی خاوەن ناسنامەی تاکی و تایبەتی دەناسن. ئەمەش یارمەتی دەدات، کە نرخ بدات بە کەلتور و میراتەکەی، واتە هاوکاری دەکات تێگەیشتنێکی ئەرێنی لەخۆی هەبێت. و کاتێ زمانەکەی ناپارێزێ، پەیوەندییە گرنگەکانی بە خێزان و ئەندامەکانی تری کۆمەڵەی زمانی لەوانەیە لەدەستبچێت. واتە بەهۆی بەکارهێنانی زمانی دایک، دایک و باوکی ئامادەیدەکەن بۆ مانەوەی لەگەڵ کۆمەڵەکەی. (سورخی،٢٠١٣:١١– ١٣) بۆیە دەکرێت بڵێین زمانی دایک ناونیشانە بۆ ئادگاری کەسایەتیی تاک و کۆمەڵ کە لە نێو کەسانی دیکەدا پێی دەناسرێتەوە.

## ٢-١ زمان و پەروەردە

زمان چ وەک هۆکاری پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان و چ وەک زانستێکیش، بابەتێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە، لەبەرئەوەشە تاکو ئێستا پێناسە و تێروانینی جیاوازی لەبارەوە هەن. زمان بەپێی بەکارهێنان و ئەو بوار و زانستەی، کە تێدا بەکاردێت و بەکاردەخرێت، یان بەگوێرەی ئەو کات و شوێنەی کە تیایدا دەخرێتەکار و ئەو کەسەی کە ئاڕاستە دەکرێت ئەو کەسەشی کە ئاراستەی پەیامی پێدەکات، فۆرمی جیاجیا وەردەگرێت و گۆڕانی بەسەردا دێت. (شێروان،٢٠١٣: ٣١٥) پرۆسەی پەروەردەکردنیش لەدێرزەمانەوە مایەی مشتومڕ و بابەتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بوە. بۆیە وەک چەمکیش لەڕوانگە و تێروانینی جیاوازەوە پێناسەی بۆ کراوە. لەو فەیلەسوف و بیرمەندانەی کە لەسەردەمێکی زۆر زودا بایەخی بەپەروەردە و پەروەردەکردن داوە ئەفلاتون (٤٣٧– ٣٤٧ پ.ز) فەیلەسوفی یۆنانی بوە. ناوبراو لە کتێبەکەیدا بەناوی (کۆماری ئەفلاتون) بۆ کۆمارەکەی جۆرە شێوازێکی بۆ پەروەردەکردن دەستنیشانکردوە بەبۆچونی ئەفلاتون پەروەردەکردن پرۆسەی ڕاهێنانی ئاکارییە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

یاخود هەوڵدانێکی خۆویستی نەوەی تازەیە بۆ گواستنەوەی دابونەریتە ئەرێنییەکانی ژیان، هەروەها گواستنەوەی ئەزمونی کەڵەکەبوی نەوەی پێشوە، کە بە ئەزمونکردن پێگەیشتون. لەپێناسەیەکی تر بۆ چەمکی پەروەردە هاتوە، کە پەروەردەکردن پرۆسەیەکی هاوئاهەنگ و ئامانجدارە بۆ گواستنەوەی مەعریفە، و دروستکردنی توانست و پێگەیاندنی مرۆڤە لە هەمو بوارەکانی ژیان. (چنار، ٢٠١٦: ١٤-١٥) کەواتە لەو پێناسانەی سەروە بۆ پەروەردە جەخت لەوە دەکەنەوە. کە پرۆسەی پەروەردە، یەکەم: گواستنەوەی مەعریفە و زانیارییە، دوەم: دروستکردنی بنەما مرۆیی و ئاکاری بەها مرۆییەکانە بەرێگای پرۆسەی پەروەردەکردنەوە مرۆڤ لە بونەوەرێکی سروشتی دەگۆرێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، کە بێگومان ئەمەش بەبێ بونی زمان بەئاکام ناگات. بۆیە بواری پەروەردەش وەک کایەییەکی سەرەکی لەنێو هەر کۆمەڵگایەکدا بێت، شێوازی تایبەتی دەربڕینی خۆی هەیە و دەبێت خاوەنی چەند تایبەتییەکی وەها بێت، کە شیاوی ئەرکی پەروەردەیی بێت. بۆیە دەبێت زمانی پەروەردە هۆکار و پاڵنەری سەرەکی بێت بۆ گەشەکردنی زمان لە هەمو ڕویێکەوە، چونکە سیستەمی خوێندن و پەروەردە یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی، کە پەرە بەزمانی نەتەوەیی دەدات و بەهێزی دەکات و دەیچەسپێنێت (فەرهاد شاکەلی، ٢٠١١: ١٠٧). چونکە ئەم بوارە زۆر هەستیارە و پەیوەستە بەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە و کاریگەری گەورە بەجێدەهێڵێت، لەسەر سەرلەبەری ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە. بۆیە پێویستە لە نوسینی پەروەردەیی بەتایبەتی لە زمانی نوسینی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی هەریەک لە قۆناغەکانی خوێندندا، ڕەچاوی زمانی نەتەوەیی بکەین. چونکە ئەمە دەبێتە هۆکاری سەرەکی و بناغەیەکی گرنگ، لە دروستکردنی زمانی ستاندارد و گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی ئەم زمانە و هەروەها هەوڵ بدەین زمانەکە ئاراستەی گەشەپێدانی فەرهەنگی زمان قوتابی بکاتە خاوەن زمانێکی باڵا و تۆکمە، لە هەمو ڕویێکەوە. پەروەردەی زمان بەیەکێک لە گرنگترین هۆیەکانی گەیاندنی بیر دادەنرێت، بەدرێژایی مێژو، کاریگەرترین ڕێگەی گواستنەوەی بیربوە. هەرچەندە چەند ڕێگەیەکی دیکە هەبون بۆ پەیوەندیکردن، لەوانە: زمانی ئاماژە و هێما، هاوار و قیژە، کە منداڵ لە قۆناغی یەکەمی هاتنە سەر دونیای بەکاریدەهێنی. لەهەر قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیشدا، پەروەردە، یەکێک بوە لە بنەماکانی ژیان، پرۆسەیەکی بەردەوام بوە. هەر لە فێرکردنی ڕاو و ڕاوشکار و چاندنەوە، تا دەگاتە دروستکردنی ئەتۆم(شێروان،٢٠١٣،: ٣١٥-٣١٨)، بەو پێیەی مێژوی پەروەردەو فێرکردن لەگەڵ مێژوی مرۆڤەوە دەست پێدەکات و بەردەوامیش دەبێت، پەروەردە واتە ژیان لە هەمو لایەکەوە. ئەمەش بەشی زۆری لەڕێگەی زمانەوە دەبێت، هەرچەندە هەندێ جار هێمایی نازمانی و تاقیکردنەوەکانیش ڕۆڵیان لەپرۆسەی فێرکردندا هەبوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری ناسنامەی زمانی نەتەوایەتی کاردەکات. ئەویش لە بواری ڕۆڵی زمانی پەروەردە لەگەشەکردنی توانا و بەهرەی زمان لای تاک وکۆمەڵ. دیارە زمانی پەروەردەش خۆی لەم چوارچێوەیەدا دەبینێتەوە. قوتابخانە و زانکۆش ئەو شوێنانەن کە هاوبەشن، بۆ کەسانی جیاجیا، کە دەکرێت لە ڕێگەی پەروەردەوە یارمەتیدەری زمانپێژان و گەشەی زمان بێت، مێژوی پەروەردە وەک پرۆسەیەکی بەرنامەڕێژکراو لە نێو کورددا، ئەزمونێکی دوری هەیە. کە زۆرجار بەزمانی عەرەبی بوە و زۆرجاریش زمانی کوردی بوە، بەپێی باری سیاسی ناوچەکە، بەشێکی سەرەکی زمانی پەروەردە خۆی لەو زمانەدا دەبینێتەوە، کە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

پرۆگرامەکانی پێدەنوسرێتەوە. ئەم زمانەش خاوەنی چەندین تایبەتمەندی وردە، کە دەبێت ڕەچاویان بکەین، لەوانە دەبێت لە نوسینەوەی کتێبەکانی پەروەردەدا ڕەچاوی ئەوە بکرێت، فەرهەنگی منداڵەکە لە چ ئاستێکدایە و بۆ ئاستێکی سەروتری بەریت، بەجۆرێک کە ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی، سەرباری ئەوەی کە پێویستە ڕەچاوی لایەنی ڕونی و ئاسانکاری زمانی بکرێت، چونکە بەکارهێنانی زمانێکی ڕەوان و ئاسان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ئاسانی بیرو ئەندێشەکانی بگوازرێتەوە. پەیامەکە بە دروستی و وەک خۆی بگات. دوربێت لە هەڵە و کەموکوڕیی زمانەوانی، کە کتێبە پەروەردییەکانی هەرێمی کوردستان لەم چەشنە گرفتەیان زۆر تێدا دەبینرێت، کە پێویستی بە توێژینەوە و پێداچونەوەی زانستیانەی هەیە. (شێروان،٢٠١٣: ٣١٩–٣٢٠) لایەنێکی دیکەی زمانی پەروەردە ئەوەیە، کە پەیوەندی بە بونیادی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگەوە هەیە بەواتایەکی تر فێرخواز ئەو زانیارییە زمانیانەی، کە لە قوتابخانەوە وەریدەگرێت وەک کۆمەڵێک کۆد لە کۆمەڵگە زمانییەکەی دەرەوەی خوێندنیشدا بەشداری پێدەکاتەوە. کەواتە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بەشێوەیەکی ستاندارد دەبێتە هۆی پەخشکردنەوەی کۆدە تایبەتییەکانیش بۆ ناو کۆمەڵگە و دواتر سەرلەنوێ داڕشتنەوە و بە کۆمەڵکردنەوەی کۆدە تایبەتییەکان و کردنیان بۆ کۆدی گشتی. کەواتە ئەگەر خوێندن بە زمانێکی بیانی بێت ئەوا دیسان کۆدی زمانە بیانییەکە لەناو کۆمەڵگەکەدا بەشدار دەبێتەوە(ئاڤێستا، ٢٠١٣: ٢٠). واتە دەبێت لە نوسینی پرۆگرامی خوێندندا، ڕەچاوی بەرنامەڕێژی زمانی بکرێت، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی فێرخواز، چونکە بەرنامەڕێژی زمانی بەوە دەناسرێتەوە کە (کۆمەڵە هەواڵ و چالاکییەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوەوە بە ئاراستەی پێشخستنی زمان دەدرێن، پەیوست بە ڕەفتاری زمانی هەرتاکێک لە کۆمەڵگەدا لەوانە ئاگاداربون لە زاراوەدانان و چۆنیەتی هاتنە ناوەوەی وشەی نوێ و هەڵێنجانی وشە لە دیالێکتەکان و گۆڤەرەکانەوە. دواتر بەکارهێنانیان لە بواری پەروەردەیی و جێگیرکردنیان لە زمانی خوێندندا، بۆ ئەوەی ببنە بنەمایەک لە زمانەکەدا، نەوە لە دوای نەوە، لەم جۆرە وشە و دەربڕاوانە تێبگەن و مۆرکێکی گشتی وەربگرن نەتەنیا لە سنوری ناوچەکەدا بەکاربهێنرێت. بەمەش گەشەیەکی بەرچاوی زمانی لە هەر قۆناغێکی خوێندندا لای فێرخوازەکە دەبینرێت. دواتریش ئامانجی سەرەکی بەرنامەڕێژییەکە بەدەست دەهێنرێت.

### ١-٢-١ فێرکردن بە زمانی بیانی:

فێرکردن بە زمانی ئینگلیزی (بیانی) لەو قوتابخانانەی کە پرۆگرامەکانیان بەگشتی بەزمانی ئینگلیزییە (جگە لە هەندێک بابەت) یان بابەتە زانستیەکانیان بە زمانی ئینگلیزییە و، زمانی کوردی وەک زمانی دوەم دەخوێنرێت، ئەو قوتابخانانەی لەم جۆرەن بە زۆری قوتابیەکانیان فەرهەنگی زمان و گەنجینەی وشەی زۆر لاواز دەبێت و متمانەیان بە توانا و پلەی زمانی دایکیان نامێنێت و گەنجینەی زمانەکەیان بەتایبەت لە بوارە زانستیەکاندا بە وشەی بیانی پڕدەبێتەوە و لەبری پرۆسەی کۆدگۆرینەوە بە ئەنجام بگەیەنن وەک کۆمەڵگەیەکی دیگلۆسیا ڕەفتار دەکەن، کە تیایدا ڕوانینیان بۆ زمانی ئینگلیزی تێروانینێکی ستاندارد و ڕێزلێنراوە و بەکارهێنانی زمانی کوردیش لەسەر ئاستی ڕۆژانەیە و لە پلەدا ناگات بە زمانە ستانداردەکە بەمەش زمانی کوردی ناسنامەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

نەتەوەیی لەدەست دەدات. (ئاڤێستا، ٢٠١٣ :٢٦) توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە فێرکردنی زمانی دوەم لەگەڵ زمانی دایک لە تەمەنێکی بچوک کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایک دەبێت و تێکەڵاوییەک لە نێوان چەمکی زمانی نەتەوەیی و بیانی دروست دەکات بەتایبەتی لە فێرکردنی بابەتی زانست و زانیاری و ماتماتیکدا، بۆیە گرنگە زمانی دایک بە تەواوی فێری منداڵەکان بکرێن ئینجا زمانەکانی تر. زۆربەی توێژینەوەکان کە لە میسر و کویت و هەندێ وڵاتە عەرەبیەکان ئەنجامدراون، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە ئەو قوتابخانانەی لە قۆناغی بنەڕەتی زمانی ئینگلیزیان هەڵبژاردوە وەکو زمانی دوەم کاریگەری زۆری لەسەر زمانی دایک کردوە و ئاستی زمانی دایکی لە بیرکردنەوە و داڕشتنی زانیارییەکان کەم کردۆتەوە، واتە تیکەڵاوییەک لە نێوان زمانی ئینگلیزی و عەرەبی ڕویداوە، کە لە ئاستی دەنگسازی تەواو هەستی پێدەکرێت لەم بارەوە ئاماژە بە بۆچونەکەی چۆمسکی دەدەین، کە دەڵێت: پرۆگرامی فێرکردن بەزمانی دایک لە سەرەتادا ئینجا فێرکردنی زمانی دوەم سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و ئەنجامی باشی لە بواری دەرونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لێکەوتۆتەوە، چونکە ئاکاری بەرکەوتنی کەلتوری کە منداڵ ڕوبەڕوی دەبێتەوە لە قۆناغی بنەڕەتی کەم دەکاتەوە، هەروەها هەست کردن بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و متمانەی خۆی لە کۆمەڵگەدا زیاددەکات دەبێتە پاڵنەرێک بۆ فێربونی زمانی دوەم لە قۆناغەکانی ئەکادیمیش سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت (یوسف، ٢٠١٣: ٩١).

### ١-٢-٢ ئایا زمانەکان هەمویان یەکسانن؟

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە تازە نییە، لەکۆنەوە سەبارەت بەبەهای ڕێژەیی زمانان، خەڵکی بیروبۆچونی جیاوازیان هەبوە، لەپێش سەدەی بیستەمدا، خەڵک لای ئاسایی بوە، کە پلەبەندییەکی وەها هەبێت، سەرەڕای ئەوەی پێوەری پلەبەندییەکە جۆراوجۆر بوە، هەندێک ئاماژەیان کردوە بەهۆکارگەلێکی وەکو بەرهەمی نوسراوی گرنگ و هەنبانە وشەی دەوڵەمەند و هەندێکی تر وایان بیرکردۆتەوە، کە ئەوەی زۆر گرنگە بۆ زمان یەکانگیر بێت لەگەڵ هەبونی دەسەلاتێکی دەوڵەتی و لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە بەکاربهێنرێت. هەندێکی تر باسی ئەوەیان کردوە، کامە زمان بوە، کە بۆ یەکەمجار لە کتێبی پیرۆزدا بەکارهاتوە و قسەی پێکراوە. دواتریش سەرهەڵدانی بیرۆکەی زمانی شارستانی و پێشکەوتو لە بەرانبەر زمانی بەربەری و دواکەوتو سەریهەڵدا، زمانەوانان لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەم بیرۆکانەیان ڕەتکردەوە، چونکە لەگەڵ کەتواری زمان ناگونجێت. چونکە هیچ زمانێک دواکەوتو نییە، بەو واتایەی کە هیچ زمانێک نییە نەگونجاو بێت بۆ دەربڕینی بیروبۆچونگەلی پێشکەوتو و جۆراوجۆری وردی هەستپێنەکراو. هەمو زمانەکان ئەوەیان لەبارادایە بۆ مەبەستگەلێکی ئاوا بەکاربهێنرێن. هەروەها دەشێت هەمو شتێک بوترێت بە زمانێک و، دەتوانرێت بۆ زمانێکی تریش ئاوا بێت، بەڵام بە ڕەهاییەوە هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە، کە زمانی گریکی، چینی یان ئینگلیزی بەتایبەتی باش و گونجاون بۆ بیرکردنەوەی پێشکەوتو، بەڵام بۆ زمانەکانی تر نەگونجاو بن، هەر لەبەرئەوەی چۆنایەتییەکیان هەیە، کە لە زمانەکانی تردا نییە. بەگشتی زمانەوانانی نوێ ئەو دڵنیاییە دەدەن، کە هەمو زمانەکان بەهایەکی یەکسانیان هەیە لە گەڵێک


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

بواردا، تەنیا ئەم بۆچونە جێگەی پەسەندە بە تایبەتی ئەگەر کەسیک لەو باوەڕەدا بێت، کە هەمو مرۆڤ بەهای یەکسانیان هەیە. هەر زمانێک کە قسەی پێدەکرێت، زمانی دایکی گەلێک لە خەڵکە و بۆ هەر مرۆڤێک یەکەم زمان بەشێکی گرنگە لە ناسنامەی کەسیان. بۆیە سوربون لەسەر ئەوەی، کە زمانێک کەمتر گرنگە لە یەکیکی تر، بەواتای بێبایەخکردنی خەلکێکی دیاریکراو دێت. هەمو زمانێکی دایک بێ کەموکورییە بۆ ئەوانەی پێدەدوێن و بەو پێیەش دەبێت ڕێزی لێبگیریت(تورە، ٢٠١٩ : ١٢٧ – ١٣٠). کەواتە دەکرێت بڵێین، زمانەکان لە جیبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا یەکسانن، واتە هەمو زمانەکانەکان دەتوانن ئەرکە جۆراوجۆرەکانیان لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە پەیرەوبکەن، بەمەرجیک زەمینەی بۆ برەخسێنرێت جا بوارەکان زانستی بن یان مرۆیی.

### ١-٢-٣ زمانی نوسین و ناسنامە:

ڕێگایەکی سەرەکی بۆ پاراستنی هەر زمانێک لە گۆڕان، تۆمارکردنی زمانەکەیە لە شێوەی نوسراودا. تۆمارکردنی دەقی ئەدەبی زارەکی و ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانەکە دەتوانێ ناسنامە و کلتور و نەریتی نەتەوەیەکیش لەڕێی زمانەوە بپارێزی. یەکێک لە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی هەر نەتەوەیەک، چاپەمەنی و ئاسەوارە چاپییەکەیەتی کە لەڕێی زمانی نوسینەوە بەدیاردەکەوێت. "ژۆ" لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە ئەو کۆمەڵەی سیستەمێکی یەکدەستی ئەلف و بێی نوسینی هەیە، ناسنامەیەکی گرویی بەهێزتر بەدیدێنی لەبەرانبەر ئەو کۆمەڵەدا، کە ئەلف و بێی نوسینی نییە، بە واتایەکی دیکە لەو کۆمەڵەدا، کە زمان تەنیا بەشێوەی زارەکی بەکاردێت، ناسنامەییکی گرویی لاوازتر بەدی دێت(سورخی،٢٠١٣: ٢٤).

### ١-٣ گرنگی زمانی دایک:

ڕۆڵ و بایەخی زمانی دایک، لە چەند خاڵێکدا، چڕ دەکەینەوە:

١- زمانی دایک ناسنامەی نەتەوییە، ئەو زمانە هۆکاری سەرەکی پاراستنی یەکریزی نەتەوەی خاوەن زمانەکەیە، هەر هەڕەشەیەک بۆسەر زمانی دایک هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەی ئەو نەتەوەیە و بونی کۆمەڵی خاوەن زمانەکە(کەمری و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٧ :٩٧).

٢- بەهۆی زمانی دایکەوە کولتور و مێژو و دابونەریت و شارستانییەتی میللەتان دەپارێزرێ و نەوەکانی دواتری ئەو میللەتە لێیسودمەند دەبن. لەدەستدانی زمانی دایک لەدەستدان و بێبەش بونی نەوەکانی ئەو میللەتانەیە لەمێژوی شارستانییەتی پێشویان(فتاح، ٢٠١٠: ٢٥٧).

٣- زمانی دایک سەرچاوەیەکی گرنگی بونیادنانی کەسایەتییەکی سەرکەوتوە لەلای منداڵدا و دواتر ئەو کەسایەتییە سەرکەوتوەی دەبێتە هەوێنی دروستبونی تاکێکی سەرکەوتو و بروا بەخۆبوی کۆمەڵ، کە بتوانێ لە نەخشەسازی دوارۆژی گەلەکەیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت(موسی، ٢٠١٠ : ٤).

٤- زمانی یەکەمی هەر منداڵێک پێویستییەکی سەرەکییە بۆ ناسنامەی. یارمەتی دەدات بە منداڵەکە، کە نرخ بە کەلتور و میراتەکەی بدات، واتە کۆمەکی دەکات تێگەیشتنی ئەرێنی لەخۆی هەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

٥- كاتێ زمانی دایک ناپارێزی، پێوەندییە گرنگەكانی بە خێزان و ئەندامەكانی تری كۆمەڵەی زمانی لەوانەیە لەدەست بچێت(رحيم سورخی ٢٠١٣: ١٣).

٦- بۆ داكۆكیكردن لەسەر زمانی نەتەوەیی و فێربونی منداڵەكانیان بەو زمانەی كە هەڵگری ناسنامەی نەتەوییانە بەلایەنی كەم بەو زمانە پەیوەندی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵدا دروست دەبێت(سەعيد،٢٠١٣: ٩٠).

٧- زمانی دایک ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە ئاسایشی نەتەوەییەوە و بونی هەر جۆرە مەترسییەک بۆ سەر زمانی دایک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەكات.

## بەشی دووەم : ناسنامە و زمانی فێركردن لە هەرێمی كوردستاندا

### ٢-١-١ پەروەردە:

لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا سێ وەزارەت و چەندین دامەزراوەی كەرتی تایبەت لە بواری پەروەردە و فێركردن خزمەتگوزاری پێشكەشدەكەن. وەزارەتی پەروەردە بەرپرسی فێركردنی (باخچەیمنداڵان، قۆناغی بنەڕەتی، قۆناغی ئامادەیی)یە، هەروەها پەیمانگەی دبلۆمی پێنج ساڵەش، وزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەرپرسی ئەكادیمیای باڵای دوساڵ و چوارساڵ و خوێندنی باڵای تەواوكەری (مەبەست دبلۆمی باڵا و ماستەر و دكتۆرا)یە، وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلایەتیش بەرپرسن لە هەندێک جۆری فێركردن، لەوانە (فێركردنی نابینایان و نابیستان) كە خاوەن پێداویستی تایبەتن.

### ٢-١-٢ كەتواری زمانی فێركردن لە هەرێمی كوردستاندا:

#### یەكەم: خوێندنی بە زمانی كوردی

لەم جۆرە قوتابخانانەدا، سەرجەم پرۆگرامەكانی خوێندن بەزمانی كوردییە، و بابەتەكانی زمانی ئینگلیزی لەسەرجەم قۆناغەكان (لە باخچەی منداڵان تا قۆناغی یەكەمی زانكۆ) دەخوێنرێت و زمانی عەرەبیش لەدوای قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی دەخوێنرێت. نمونە بۆ ئەمجۆرەیان، قوتابخانە گشتییەكان میری دەگرێتەوە.

#### دووەم: خوێندن بە زمانێكی بیانی:

لەم جۆرە قوتابخانانەدا، خوێندنی سەرجەم بابەتەكان بە زمانی بیانییە، و زمانی كوردی و عەرەبیش وەک دو بابەت دەخوێنرێن. نمونە بۆ ئەم جۆرە قوتابخانانە، هەندێ لە قوتابخانە تایبەتییەكان (قوتابخانەی ئەڵمانی، فەرەنسی، ئەمریكی...هتد) و هەندێک لە قوتابخانە گشتییەكانی دەوڵەت و قوتابخانە نێودەوڵەتییەكان هەروەها قوتابخانەی تایبەت بەپێكهاتەكانی توركمان و سریانی وەک قوتابخانە توركمانییەكان و سریانییەكان، دەگرێتەوە.

٣- خوێندن بە زمانی كوردی و خوێندنی بابەتەكانی (بیركاری و زانست بە زمانی ئینگلیزی (هەندێ لە قوتابخانە گشتییەكان و تایبەتییەكان).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

زمانی فێرکردن(باخچەکانی منداڵانیش) لە وەزارەتی پەروەردە بە چەند جۆرێک دەبینرێن، بەجۆرێک کە ئاڵۆزی و بێ پلانێکی زۆریان پێوەدیارە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی سیاسەتی زمان تۆکمە و دروست لە هەرێمی کوردستاندا. فێرکردن لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان قۆناغەکانی(١ – ٩) و قوتابخانە ئامادەییەکان لەقۆناغەکانی(١٠-١٢) دەگرێتەوە، لە فێرکردنی گشتی(میری) لە زۆرینەی قوتابخانەکان سەرجەم بابەتەکان بە زمانی کوردیی دەخوێنرین، بەڵام لە ساڵی(٢٠١٥) لە وەزارەتی پەروەردە ئاڕاستەیەک هەبو بۆ خوێندنی بابەتەکانی زانست و بیرکاری بە زمانی ئینگلزی بخوێندرێت، و بڕیاری بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست و بیرکاری)یان دەرکرد. بەجۆرێک کە تا ساڵی(٢٠١٩) بەردەوام بو، لە (هەندێک قوتابخانە تا ئێستاش بەردەوامە)، هەرچەندە لە دوای دروستبونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزارەتەکەی بڕیارەکەی سەبارەت بە بەئینگلیزیکردنی پرۆگرامەکانی زانست و بیرکاری هەڵوەشاندەوە، چونکە پەنابردنە بەر خوێندنی ئەم بابەتانە بە زمانی ئینگلیزی مانای ئەوە دەگەیەنێ کەوا گومان لە هەبونی توانای خوێندنی ئەو بابەتانە بە زمانی کوردی دەکرێت و دەبێتە هۆی لاوازبونی شانازیکردن بەم زمانە لەلای نەوەکانی تازە. هاوکات وەزارەتی پەروەردە چەند قوتابخانەیەکی گشتی بە زمانی ئینگلیزی کردۆتەوە، کە سەرجەم بابەتەکانی بە زمانی ئینگلیزین جگە لە بابەتەکانی(زمانی کوردی، کۆمەڵایەتی، ئایین، عەرەبی) هەروەها چەند قوتابخانەیەکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بە ناوی فرۆبل(قوتابخانەکانی سابیس)، کە بەهەمان شێوە هەمو بابەتەکانیان بە زمانی ئینگلیزین جگە لە بابەتەکانی (زمانی کوردی، کۆمەڵایەتی، ئایین، عەرەبی).

سەبارەت بە فێرکردن لە قوتابخانە تایبەتییەکان بەهەمان شێوە سیستەمی خوێندن تیایاندا بە دو شێوە دەردەکەون، یەکەمیان: قوتابخانە تایبەتییە نێودەوڵەتیەکان کە ئەمانیش هەمو بابەتەکانیان بە زمانی بیانییە (زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی،....هند) جگە لە بابەتەکانی (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، کۆمەڵایەتی، ئایین) دەخوێنن، دوەمیان: کە قوتابخانە تایبەتییە ناوخۆیەکانن (ناحکومی) کە سیستەمیان تێکەڵاوە بە جۆرێک کە هاوشێوەی قوتابخانە گشتیەکانن، هەندێکیان هەمان پرۆگرامی وەزارەتی پەروەرد بەکاردەهێنن لە هەردو جۆری ئاماژە پێکراو لەسەرەوە، واتە هەندێکیان هەمو پرۆگرامەکانیان بە زمانی ئینگلیزییە جگە لە چوار بابەتی(زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، ئایین، کۆمەڵایەتی) و هەندێکی تریان هەمو پرۆگرامەکانیان بە زمانی کوردین.

## ٢-٢ کەتواری زمانی فێرکردن لە قۆناغی فێرکردنی زانکۆیی:

زۆربەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە خوێندنی کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و پسپۆڕییە زانستییەکانی زانکۆ حکومی و تایبەتییەکاندا زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، بەڵام لە کۆلێژەکانی زانستە مرۆییەکانی زانکۆ حکومی و تایبەتییەکان لە خوێندنی بابەتەکانیان زمانی کوردی و عەرەبی بەکاردەهێنن، هەرچەندە هەندێک زانکۆی تایبەت کراونەتەوە، لە هەردو بواری زانستی و مرۆیی بۆ هەمو کۆلێژەکان بابەتەکانیان تەنیا زمانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

ئینگلیزیی زمانی فێرکردنە، وەکو(زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک و سلێمانی و زانکۆی ستارفۆرد، زانکۆی کوردستان..هتد). ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت نەبونی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانییە لە خوێندنی پێش زانکۆ و زانکۆیدا، ئەم نەبونەش لە هەڵوەستەکردن لەسەر خوێندن بە زمانەکانی ئینگلیزیدا بە دیاردەکەوێت لە بواری بابەتە زانستییەکان لەلایەک و بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیش لەهەندێ زانکۆ لە لایەکی ترەوە، چونکە ئەگەر سەرنج بدەینە هەڵوەستەکردن لەسەر زمانی ئینگلیزی لە پرۆسەی فێرکردندا، ئەوا دەبینین متمانەکردن بە زمانی کوردی بۆ بابەتە زانستییەکان لە ئارادا نییە، کەوا بابەتەکان تیایاندا بە زمانی ئینگلیزییە. بەمەش دەردەکەوێت، ئەو سیاسەتەی گیراوەتەبەر بەرانبەر زمانی کوردی لە پرۆسەی فێرکردن بریتییە لە سیاسەتی دەست تێوەرنەدان، ئەمەش لە کاتێکدا دروستە، کە زمانی نەتەویی بەهێز و بەتوانابێت و جێی ترس نەبێت.

هەست و سۆزی ئەوانەی کەوا خۆیان خەریکی فێربونی زمانی ئینگلیزی کردوە، یاخود دەیکەن، لە بەشە زانستییەکاندا، هەڵوێستە نەرێنییەکانیان بەرانبەر زمانی کوردی زیاد دەبێت کاتێک دزە دەکات بۆ ناو ژیانی تازە پێگەیشتوان و فێرخوازەکان لە قۆناغەکانی خوێندنیاندا لە بنەڕەتی و ئامادەییدا، ئەمەش پاڵیاندەدات بۆ بێ بایەخ زانینی زمانی کوردی، یاخود ساردبونەوە لە پێشوازیکردنی وەک بابەتگەلێکی لاوەکین و بنچینەیی نین بۆ هەژمارکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی وزاری بۆ پێشبرکێی وەرگرتن لە بەشە زانستیەکان و پزیشکییەکان، ئەمەش وا دەکات لە داهاتوشدا بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت بەراورد بە زمانی ئینگلیزی و ئەو بابەتە زانستیانەی کە موژدەی داهاتوییێکی پرشنگدار و خەونگەلی جوان بەسەرکەوتوەکانی دەدات، چونکە بەڵێنی قبوڵکردن بە خاوەنەکانیان دەدات، بۆ پلەی بەرزی فەرمانبەرێتی و دەستکەوتی دارایی.

کاتێک ئێمە توێژینەوە لە کەتواری زمانی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین، نابێ دیاردەی هەبونی قوتابخانە و زانکۆ بیانییەکان و زۆری ژمارەیان لەم دواییەدا لە یادبکەین لە هەرێمەکەماندا، ئەم قوتابخانە و زانکۆ بیانیانە لە پرۆگرامەکانیاندا پابەندی لایەنێکی دیکەن، کە هیچ پەیوەندیەکیان نە بەناسنامە و کەلتور و شارستانیەتی کوردییەوە نییە، هەر بۆیە قوتابییەکانیان بە ئاوەزێکی دیکە و بەدڵێکی دیکە و، بە ویژدانێکی دیکە تیایاندا دەژین و هەست بە خۆبەندی ناکەن بۆ زمان و شانازی بە ناسنامەکەیان ناکەن، چونکە ئەوان دیراسەی مێژوی نەتەوەیەکی دیکە و شارستانیەتێکی دیکە دەکەن نەک هی نەتەوەی خۆیان و شارستانیەتەکەی.

دیدێکی بابەتیانەی زانستی دور لە هەڵچون و سۆز داوامان لێدەکات بەوپەڕی دڵسۆزی و لەسەرخۆیی سەیری بابەتەکە بکەین. لەوانەشە بانگهێشکارانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بیانوێکی لۆژیکییان هەبێ بۆ پەیڕەوکردنی ئەم زمانە لە پرۆسەی فێرکردنی زانستی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، ئەمەش پاڵمان دەنێت بۆ ڕونکردنەوەی ڕاوبۆچونە جیاوازەکان سەبارەت بەم بابەتە و، هەروەها زانینی بۆچونی گروپە جیاوازەکان لەم بارەیەوە،بەڵکو ئەمە ببێتە یاریدەدرێک بۆ ڕەنگرێژکردنی پلانێک بۆ هەڵسانەوەی ئەم کەتوارە و سەرکەوتن بەسەریدا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

## ٢-٢-١ زمانی کوردی لە خوێندنی باڵادا لە نێوان پشتگیریی کردن و ڕەتکردنەوە:

بەپێی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لە نێوان زمان و ناسنامەدا هەیە، هەروەها بەپێی ئەوەی کە زمان کانگای کەلتوری نەتەوەیە، ئایا زمانی فێرکردن لە خوێندنی باڵادا زمانی کوردییە یان زمانی ئینگلیزییە؟

ئەم بابەتە پەیوەندی بە خودی مرۆڤەکە و کەسانی دیکەش هەیە، چونکە مرۆڤ بە زمانی دایکەوە دەناسرێت، ئەو حەزبکات یان حەزنەکات دەچێتە بازنەی ئەم پێناسەوە، لەمەدا نەسەرپشکە و نەدەشتوانێت بیگۆڕێت، چونکە ئەو بەوە ڕێزی لێگیراوە، چونکە لە نەوەی ئادەمە، هەروەها لەبەر مرۆڤایەتییەکەیەوە ڕێزی لێگیراوە، مرۆڤەکانیش یەکسانن، ڕێزوشکۆش مافی هەمو کەسێکە، هیچ کەسێک بۆی نییە ئەم ڕێزو شکۆیەی لێبسەنێتەوە، یاخود لەبارەی مافبونییەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکات. هەروەکو ئەو کەسە مافی ئەوەی نییە ئارەزومەندانەش لەو مافەی خۆی خۆش بێت، پێویستە لەسەر کەلتوری ڕاستەقینە کە نیگای بابەتیانەی هەیە ئەم هەقیقەتە بزانێت، دەبێت بەهۆی مرۆڤایەتییەکەیانەوە ڕێزی کەسانی دیکە بگرێت و، هەرگیز هەوڵی سڕینەوەی کەسانی دیکە نەدات، یاخود لە بەرزاییەکەوە سەیری بکات، چونکە ئەگەر ئەم کارە بکات ئەوا لە بازنەی کەلتوری ڕاستەقینە دەردەچێت و دەچێتە نێو بازنەی سەرلێشێواوی و کەلتوری ساختەوە، هەروەکو چۆن لە کەلتورەکە ناوەشێتەوە کەوا کەسانی دیکە گەورە بکات تا ئاستی پەرستن و بەندایەتی بۆ کردن، بەوەی کە هەوڵی ئەوە بدات لاساییان بکاتەوە لەوەی بۆی دەگونجێت و بۆی ناگونجێت، چونکە ئەگەر ئەم کارە بکات ئەوە ستەمی لەخۆی و ناسنامەکەی کردوە و، کەلتورەکەشی شێواندوە(محمود، ٢٠١٣: ٣٨).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێشەکییەوە بۆ بابەتەکەمان ئەم دیدگایەمان بۆ ڕون دەبێتەوە لە نێوان فێرکردن بە زمانی کوردی لە خوێندنی باڵا و لە نێوان ڕەتکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە، هەردو گروپەکەش بەڵگە و بیانو قەناعەتی خۆیان هەیە، بەڵگەو بیانوەکان چین؟

## ٢-٢-٢ یەکەم: بانگەشەکارانی فێرکردن بە زمانی ئینگلیزی:

ئەمانە ڕایان وایە، کە زمانی زانست لەم سەردەمەی ئێمەدا زمانی ئینگلیزیە، چونکە زۆربەی ژێدەر و سەرچاوە زانستیەکان بە زمانی ئینگلیزین، ئەگەر ئێمە بەم زمانە قوتابیەکان فێرنەکەین، ئەوا وەکو ئەوەیە قەدەغەیان بکەین لە زانینی ئەم ژێدەر و سەرچاوانە و، دەرگای زانستیان بەسەردا دابخەین و، ئەمە جگەلەوەی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە خوێندنی زانستەکان بەخێراترین هۆکار دادەنرێت بۆ شارەزابون لەم زمانە. هەروەها ئەوانە ئاماژە بەوە دەکەن، کەوا زمانی ئینگلیزی زمانی ئەو وڵاتانەیە، کە لە ڕوی زانست و ئابوریەوە بەهێزترینن، هەر بەو زمانەشە کە گرنگترین کتێب و سەرچاوە زانستیەکان چاپدەکرێن، هەروەها گۆڤارە ئینگلیزییەکان بەربڵاوترین گۆڤارەکانن، هەروەها ئەم زمانە هەڵگری شتە تازەکانە و، دەسەڵاتی گرتوە بەسەر زمانی پەیوەندییەکان و زانیارییەکان لەوانەش ئینتەرنێتی جیهانی، هەروەها کۆنگرەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا هەر بەو زمانە دەدوێن، بۆیە فێرکردن بەو زمانە لە خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی کوردستاندا قوتابی توانادار دەکات لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان و زانیارییەکانی ماڵپەڕە زانستییە بەربڵاوەکان بە شێوەیێکی ئاسان، هەروەکو فێربون



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

بەو زمانە قوتابی ئامادە دەکات بۆ بەدواداچونی خوێندنی دوای زانکۆ لەو وڵاتانەی کە بە ئینگلیزی قسەدەکەن بەبێ ئەوەی زۆر ماندوبێت، هەروەها وادەکات قوتابی دەرچو بۆی ئاسان بێت لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان ئامادەبێت و بەشداریان تێدابکات، چونکە لە زۆربەی ئەم کۆنگرانەدا زمانی ئینگلیزی باڵادەستە. سەرباری هەمو ئەمانەش فێرکردن بەم زمانە هەلی کارکردنی جۆراوجۆر دەڕەخسێنێت و لە زۆرێک لە پیشەکانیش داوا لە کەسەکە دەکرێت بەزمانی ئینگلیزی گفتوگۆ بکات. ئەم حاڵەتەش لە زۆرێک لە کردارە دارایی و ئابوری و گەشتیارییەکان و هی دیکەش بونی هەیە. هەروەها خاوەنانی ئەم بانگەشەیە ئەوە دوپات دەکەنەوە کەوا بۆشاییەک لە نێوان کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەی مەعریفیدا هەیە ، هەروەها زمانی کوردیش لە نێو تۆڕی ئینتەرنێتدا بەشێوەیەکی زۆر لاواز ئامادەیی هەیە و هەژارە لە ڕوی ئەو سەرچاوانەی کەوا نرخی ئەکادیمیانەیان هەیە، لە زانستە وردەکان و پزیشکیەکان و تەکنیکیەکان کەوا تازەگەری ئەمرۆ بەڕێوەدەبەن لەگەڵ ئەوەی دوای تازەگەری پەیدادەبێت لە تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و زانیارییەکان و تەکنەلۆژیای زیندەگی و ئەندازەکاری کۆرپەلە و دۆزینەوە یەک لە دوا یەکەکانی ئاسمان و گەردون. لەگەڵ تەقینەوەی خێرای زانیاری و مەعریفی، زاراوەکانیش لە سەردەمی ئێستادا کەڵەکەبون و بەکارهێنانیان لە بوارە جیاجیاکاندا مەزنتربو، وەک شەپۆلگەلێکی ئاوی بەهێز پاڵ بە هەمو شتێک دەنێن و شالاو دەبەن و وڵات و نەتەوە جیاوازەکان داگیردەکەن، لە هیچ سەردەمێکیش لە سەردەمەکانی ڕابردودا بەدی ناکەین، کەوا زاراوەکان ئاوا پوخت کرابنەوە و لە مەیدانە جیاوازەکاندا لەسەر شێوەی پەیکەرێکی زمانەوانی ئەوتۆ کەوا کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکان ئاڵوگۆڕیان پێ بکەن و پێیان بدوێن، لە کاتێکدا ئەمڕۆ دەبینین، کەوا زاراوە زانستی و بازرگانی و جەنگی و پزیشکی و فەلسەفی و کشتوکاڵی و کیمیاوی و وەرزشی و بایلۆژییەکان و ئەوانی دیکەش لە پسپۆڕییە بەش بەش کراوەکان و زانستە تازەکان سەرجەمیان ئەو فەرهەنگانەی زمان تێدەپەڕێنن، کەوا کۆمەڵگە لە ژیانیدا، هەروەها لە نوسینی کاروبارەکانی ڕۆژانە و پێداویستیە ڕاستەوخۆکان بەکاریاندەهێنێت، ئەمەش کارێکە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی ڕابردو، یاخود ڕانەبردو لەسەری دەڕۆن، هەروەها کۆسپ و تەگەرە گەلێک دروستدەکات لە گواستنەوەی ئەو زاراوانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و لە سازاندنیاندا. هەروەها لە کەتواری کوردیدا بۆشایەکی فراوان دەبینین لە نێوان هەڵقولانی مەعریفە و هەڵقولانی زاراوەکان و زانکۆ کوردییەکانیش بێتوانان لە سازان لەگەڵ ئەم هەڵقولانەدا، هەر ئەمەش بوەتە هۆی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی. لە توێژینەوەیەکدا کە لە زانکۆیەکی پزیشکی عەرەبیدا لە کۆماری لیبیادا ئەنجامدراوە دەریخستوە، کەوا ژمارەیەک لە قوتابیان خوێندن و فێرکردن بە زمانی ئینگلیزی بە باشتر دەزانن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

- زۆری زاراوەکان ٤٥,٣%
- پچڕانی پەیوەندی لە نێوان ئێمە و کاروانی شارستانیەت ٤٣,١%
- زانست نە نیشتیمانی هەیە نە زمان ٥٨,٤%
- ڕێکنەکەوتن لەسەر زاراوەی پزیشکی لە نیشتیمانی عەرەبیدا ٤٨%
- زمانی بیانی بە تواناترە لە قبوڵکردن و وەرگرتنی زاراوەکان % ٥٦,٢ (محمود٢٠١٤، : ٤٢ )



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

ئەگەر کەتواری زمانی کوردی بەڵگەیەکی ڕون بێت لەسەر کەموکوڕییەکان لە هاورێیەتیکردنی تازەگەرییەکان لە ئاستی جیهانیدا، هەروەها لەسەر کەموکوڕییەکان لە بارەی زاراوە هەڵقولاوەکان لە مەیدانە جیاجیاکاندا، ئەوا کەموکوڕی دیکە هەیە، لەگەڵ کەلەپورە کوردییە فراوانەکەدا بە مەیدانە جیاوازەکانی و زانستە پاشەکەوتکراوە بەسودەکەی، هەروەها کەموکوڕی تر هەیە لە بزاڤی وەرگێڕاندا لە کاتێکدا وەرگێڕان ئەو ئۆکسجینەیە کەوا زمان دەبوژێنێتەوەو، بالانسی سامانە هزری و داهێنانکاریەکەی دەوڵەمەند دەکات، هەروەها گرنگترینی ناوەندەکانە بۆ وەرگرتنی مەعریفە و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا وەکو ڕێخۆشکەرێک بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی لەکەتواری هەرێمدا. هەروەها ئاماژەکان ئەوەی، کە پەیوەندی بە ڕێرەوی وەرگێڕانەوە هەیە، لە جیهاندا ئاماژە بەوە دەدەن، کەوا ئەوەی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی زۆر کەمە بە تایبەتی لە بواری زانستەکانی پزیشکی و ئەندازەیی ...هتد.

هەر کەسێک ئەگەر بە قوڵی سەیری ئەم بەهانانە بکات، کەوا بەرهەڵستکارانی خوێندن بە زمانی کوردی دەیخەنە ڕو، دەبینێت بەهانەی قەناعەت ئامێزن لە ژێر سایەی ئەو جیهانگەراییەی کەوا خۆی بەسەر ئێمە و هی دیکەشدا سەپاندوە، هەروەها نکوڵی کردن لەم ڕاستیەش بە زەبرێکی گەورە دادەنرێت، چونکە ئێمە ناچارین دانی پێدابنێین و قبوڵی بکەین و لەگەڵی بڕۆین، کەواتە بە بۆچونی پاڵپشتانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی، بەرژەوەندی لەوە دایە، کەوا قوتابییەکانی زانکۆکانمان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن.

## ٢-٢-٣ دووەم: بانگەشەکارانی خوێندن بە زمانی کوردی:

ئەو بەهانانەی کەوا بانگەشەکارانی خوێندن بە زمانی کوردی دەیخەنەڕو لەمانەی خوارەوە خۆیان دەنوێنن:

١- یارمەتیدانی قوتابیان بۆ تێگەیشتن و وەڵامدانەوە و وەرگرتن:

بێگومان خوێندن بە زمانی کوردی ئاسانکاریەکی زۆر دەکات بۆ بەدەستهێنانی زانست، چونکە بە زمانی دایکە، هەروەها پرۆسەی فێرکردنی زانستی دەکاتە پرۆسەیەکی چێژبەخش بۆ قوتابییان و مامۆستایان بەیەکەوە، چونکە قوتابییەکان بەشداری دەکەن لەگەڵ مامۆستاکانیان، بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە و خێرایی وەڵامدانەوە، ئەمەش کاتێکی زۆر بۆ هەردو لا فەراهەم دەکات، هەروەک چۆن قوتابییەکەش ترسی لە بابەتەکە نابێت و لێی ناسڵەمیتەوە وەکو ئەوەی لە ئینگلیزیدا بونی هەیە. تێنەگەیشتنی قوتابییەکان بۆ زاراوەکان و چەمکە زانستییەکان کە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، بوتە هۆی خۆدزینەوەی هەندێک لەم قوتابییانە لە کۆلێژە زانستییەکان و چونیان بۆ کۆلێژەکانی دیکە. سەرنجیش دراوە کەوا هۆکاری سەرەکی پشت خۆدزینەوە نەبونی توانای قوتابییەکانە بۆ دەرککردنیان بە چەمکەکان بە زمانی ئینگلیزی.

ئەو هۆکارانەی وایانکردوە بانگەشەکارانی ئەم گروپە خوێندن بە زمانی کوردی بە باشتر بزانن دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- زمانی نەتەوایەتیانە.
- ئاسانی وەرگرتن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

- ئاسانی نوسین.
- ئاسانی گفتوگۆکردن.
- ئاسانی خوێندنەوەی.
- ئاسانی بیستن.

که ئەمانەش چەندین سودیان بۆ فێربونی بابەتە زانستییەکان هەیە، لەوانە:

- کارلێکردنی قوتابی لەگەڵ کۆمەڵگە.
- بەستنەوەی زانکۆ بە کۆمەڵگەوە.
- هەبونی توانای نوسینی وتار و توێژینەوە زانستییەکان.
- گوزارشتکردن لە خود لە ڕێگەی زمانەکەی.

لە زۆرێک پەیمانگاو کۆلێژەکانی کوردستان ئەو بەشانەی زانستین و پرۆسەی فێرکردن تیایاندا بەزمانی ئینگلیزییە کەتواری پرۆسەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- زۆربەی مامۆستایان بابەتەکانیان بە زارەکی بە زمانی کوردی دەڵێنەوە، بەڵام وانە نوسراوەکان بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش بە قوتابییان دەکەن.
- پرۆسەی هەڵسەنگاندنی قوتابیان لە میانەی تاقیکردنەوەکانی نوسینەکی بەزمانی ئینگلیزی بەڕێوەدەچێت.
- زۆربەی ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن بابەتەکانیان لەبەردەکەن واتە بە تێگەیشتن ناخوێنن.
- زۆربەی قوتابییەکان بۆ وەرگرتنی بابەتەکانیان پێویستیان بە بەکارهێنانی فەرهەنگە.
- وەرنەگرتن و تێنەگەیشتنی زۆربەی قوتابییەکان لەو وانانەی کە بەئینگلیزی پێشکەشدەکرێن لەلایەن هەندێک لە مامۆستایان، ئەمە پاڵیاندەنێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە وانەکان ئامادەنەبن.
- خراپی ئاستی هەندێک مامۆستا لە زمانی ئینگلیزی کە وای کردوە قوتابی توشی سەرلێشێوان بێت.
- بێتوانایی هەندێک لە ئەندامانی دەستەی مامۆستایان لە گەیاندنی زانیاریە پێویستەکان و ڕاڤەکردنیان بۆ قوتابییەکان بە شێوەیەکی گونجاو.

بێگومان هەمو ئەوانەی باسمانکردن لە کەتواری فێربون بە زمانی ئینگلیزی سەلماندویانە، کە زمانی کوردی یارمەتی قوتابی دەدات، بۆ تێگەیشتن و وەرگرتن بەشێوەیەکی باشتر لەوەی کاتێک خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بێت. هەروەها زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەو قوتابیانەی بە زمانی دایک لە کۆلێژە زانستییەکاندا دەخوێنن سەرکەوتوتر دەبن بە بەراورد بەو هاوڕێیانەیان کە بە زمانی ئینگلیزی خوێندویانە، نەک هەر ئەوەش بەڵکو ئاماژەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئاڵوگۆڕی پرۆسەی فێرکردنی زانستی واتە فێرکردن لەلایەن مامۆستاکە و فێربون لەلایەن قوتابییەکەوە، لە باشترین باردا دەبێ ئەگەر مامۆستاکە بە زمانی دایک بدوێ و قسەبکات و، قوتابییەکەش هەر بە زمانی دایکی گوێبیستی مامۆستاکە بێت، با هەردو لاشیان زمانە بیانییەکە زۆر باش بزانن، ئەمەش تاقیکردنەوەکان سەلماندویانە. (محمود٢٠١٣:٤٦) بۆیە ئەم ڕاسپاردانەی لەم توێژینەیەش هەڵقوڵاون سەرجەمیان داوای چەسپاندنی زمانی کوردی دەکەن، لە پرۆسەی فێرکردن بۆ خوێندنی سەرجەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

قوناغەکانی خوێندن، هەروەها پشتگیریکارانی خوێندن بە زمانی کوردی ڕایان وایە، کە ئەمە کارێکی سروشتییە و نەوەک کارێکی داهێنراو، یاخود سەیر و سەمەرە بێت، بەڵکو پێچەوانەکەی کارێکی سەیرو سەمەرەیە، چونکە ئەو بیانوانەی کەوا بانگەشەکارانی دەستگرتن بە زمانی کوردی لە پرۆسەی فێرکاریدا دەیخەنەڕو، بیانوگەلێکن لەگەڵ کەتواردا دەگونجێن، و پێویستە لەسەرمان کاری بۆ بکەین، و ئەزمونی وڵاتانی وەکو فەرەنسا، چین، ژاپۆن، بەرازیل، کۆریا، تورکیا، سوریا، ئێران، ئیسرائیل،...هتد، وەکو نمونەیەک دێنینەوە، کە پرۆسەی خوێندن لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندنیان لە کۆلێژە زانستی و پزیشکیەکانیش بە زمانی دایکە زمانی کوردیش زمانێکی بێتوانا نییە، چونکە سەرجەم پرۆگرامەکانی بابەتەکانی (زیندەزانی، بیرکاری، کیمیا و فیزیا و زانستەکان) لە قۆناغەکانی (١- ١٢)ی پێدەخوێنرێت و بۆماوەی نزیکەی سەدەیەکە و هیچ گرفتێکی نەبوە، لە کاتێکدا بەردەوام لە چوارچێوەی گۆرەپانی کوردیدا گوێبیستی هاوارگەلێک دەبین، کە لێرەو لەوێ بەرزدەبنەوە و پرسیار لە بارەی توانای زمانی کوردی دەکەن، لە خوێندن و فێرکردنی بەشە زانستییەکان و بابەتە زانستیەکان بەو زمانە.

## ٢-٢-٤ پوچەڵکردنەوەی بەڵگەکانی بانگەشەکارانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی:

بەچەند خاڵێک بەڵگەکان پوچەڵ دەکەینەوە:

١. زمانی ئینگلیزی بە تەنیا زمانی زانست نییە، بەڵکو زمانەکانی فەرەنسی و ڕوسی و ئەڵمانی و یابانی و ئیسپانی و چینی و تورکی و عەرەبی و فارسی و، زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەکان و ئەوانی دیکەش قوتابییەکانیان بە زمانی خۆیان فێری زانست دەکەن و، هیچ گازاندەیەکیش لە ئارادا نەبوە، کە ئەو قوتابییانە کێشەیان هەبێ لە بەسەرکردنەوەی سەرچاوەکان و، پەنجەرەی زانستیان بەڕودا داخرابێت، ئەو لێکۆڵینەوەو داهێنان و دۆزینەوانەی کە ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتانە بەدەستی دەهێنن بە غەیری زمانی ئینگلیزی پشتگیریی ئەم ڕاستییە دەکەن.

٢. خوێندن بە زمانی ئینگلیزی پسپۆڕانی کورد بێ بەش دەکات لە خوێندنی باڵا لەو وڵاتانەی کە بە زمانی ئینگلیزی ناخوێنن، وەکو فەرەنسی و ڕوسی و ئەڵمانی ...هتد.

٣. ئەگەر شکۆی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا، بەهانەیەکی دروست و بەس بێت، بۆچی وڵاتانی دیکەی جیهان، کە زمانی قسەکردنیان ئینگلیزی نییە، ئاگایان لەم سودانەی خوێندن بەم زمانە نییە، کە ئێوە باسی دەکەن بۆ ئەوەی بیکەن بە زمانی خوێندنی باڵا بۆ خۆیان.

٤.ئەگەر هاونیشتمانی کورد متمانەی بە تواناکان و ڕێزگرتنی خودی خۆی لەدەستدابێت، و گومانی ئەوەی کردبێ کەوا بە زمانی ئینگلیزی زانستی بەرە و بەرزی دەچێت، ئەی بۆچی وڵاتانی تورکیا و سوریا و ئێران بە زمانی خۆیان دەخوێنن، لە کاتێکدا زمانەکانیان زمانی جیهانگیری زاڵ بو نین، بێگومان ئەم هەستکردن بە نزمییە لە خۆیدا دروست نەبوە، بەڵکو ئەم دەرەنجامی توێژینەوە و نەخشەکاری بوە؟ ئایا ئەمە لەبەرئەوە نەبوە، کە ئەم داگیرکارانە ویستویانە نەتەوەی کورد ناسنامەکەیخۆی لەیاد بچێتەوە، ئەم ناسنامەیە هەڵبوەشێتەوە و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

ببێتە چەندین ناسنامەی تر، ئەمەش بەهۆی ڕوخاندنی بەهێزترین کۆڵەگەی بونیادنانی ئەم نەتەوەیە کە زمانەکەیەتی.

## ٣-٢ ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی زمانی بۆ زمانی کوردی لە پەروەردە و خوێندنی باڵادا:

١. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەر حکومەت و دەسەڵاتێکی تری ڕزگاربوی دەستی داگیرکەران، ڕاستەوخۆ پەنا ببات بەر ئەو خاڵە هاوبەشانەی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەپارێزێت و بەهێزی دەکات، کە زمان گرنگترینیانە وەک ناسنامە بۆ تاک و کۆمەڵ.

٢. بۆ چەسپاندن و سەقامگیرکردنی بارودۆخی زمان و یاسابەندکردنی بواری کارکردنی زمان پێویستی بە دارشتنی یاسا و دەستوری فەرمی هەیە، چونکە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمان بە تەواوی پشت بە دەستوری فەرمی وڵات دەبەسترێت. هەرێمیش پێویستە لە دەستور و یاسای زمانە فەرمییەکان ئەو بابەتە جێگیر بکات.

٣. پێویستە لە دەستوردا فرەزمانی لە هەرێمی کوردستاندا دانیپێدابنرێت و ئەمەش زیاتر بۆ ڕاگرتنی هەستی ئاخێوەران و ئارامکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی زمانە لە وڵاتدا.

٤. بواری پەروەردە و فێرکردن لە گرنگترین ئەو بوارانەیە، کە پلانی زمانی تێدا بەگەڕ دەخرێت، هەر بۆیە بە پلانی زمانی دەوترێت (پلانی فێرکاری)، چونکە پەروەردە یەکەمین دەروازەی وەرگرتنی زمانە لەلایەن منداڵەوە. بایەخدان بە بواری پەروەردە و فێرکردن و دانانی پلانی تەندروست و دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکان بۆ ئەو مەبەستە، لە گرنگترین هۆکارەکانی گەشەسەندن و پێشخستنی زمان دادەنرێت.

٥. زمانی کوردی لە بوارە زانستییە جۆراوجۆرەکان بکرێتە پێویستییەکی هەنوکەیی و پێویستە هەمو بەشە زانستی و مرۆییەکان لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتییەکان پرۆگرامەکانیان بە قۆناغ و بەپێی پلانێکی زمانی گونجاو بکرێنە کوردی هاوشێوەی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی.

٦. هەر پەیوەست بە بواری پەروەردە بە ڕەچاوکردنی بەژەوەندی گشتی و ڕاگرتنی هەستی ئاخێوەران بە زمانەکانی تر، وا چاکترە لە قۆناغی بنەڕەتی قوتابیان بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەم لایەنەش لە دەستور و یاساکان جێگیر بکرێت.

٧. چارەسەرکردنی گرفتی زمانی کوردی لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبێت، هاوکات سیاسەتێکی زمانی شیاو لە بواری پەروەردە جێبەجێبکرێت، بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و توانای زمانی کوردی و لاواز کردنی زمانەکانی تر لە پرۆسەی فێرکاریدا. ئەمەش هۆکاری چەسپاندنی ناسنامەی زمانی کوردییە، و ئەم سیاسەتەش لە زۆر وڵاتدا پەیڕوکراوە لە تورکیا و کۆریا و ژاپۆن و چین و سوریا، بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێت، کە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، جگە لەوەش پێویستە پلە بە پلە هەنگاوەکانی پلانەکە بە جێبهێنرێت .

٨. پێویستە هەمو هەوڵێک بۆ بەهێزکردن و پێشخستنی زمانی کوردی بدرێت و لە ڕێگەی (وەرگێڕان، ڕاگەیاندن، دانان و ڕێکخستن و یەکخستنی زاراوە، بەکارهێنانی لە بواری ئینتەرنێت بە فراوانتر، بەکارهێنانی لە بوارە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

زانستیەکان و لە بواری خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی بەخورتی، ...هتد) هەروەها زمانە جیهانییەکانیش هەر بایەخیان پێدەدرێت و خزمەت بکرێن(محمد ، ٢٠١٠: ١١٢-١١٤).

٩. دانانی دامەزراوە و دەزگای فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی نیشتمانی لەسەر ئاستی باڵای وڵات بۆ کارکردن لەسەر زمانپارێزی، بۆچاودێری کردن و بەدواچونی بەکارهێنانی زمان و ڕادەی جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی زمان لە وڵات بەگشتی(یان کاراکردنی ئەکادیمیای کوردی).

## ئەنجام:

١- پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە پەیوەندییەکی بەهێزە و، زمانی دایک ناونیشانە بۆ ئادگاری کەسایەتیی تاک و کۆمەڵ، کە لە نێو کەسانی دیکەدا پێی دەناسرێتەوە.

٢- بەکارهێنانی زمانی دایک لە بواری پەروەردەیی و جێگیرکردنی لە زمانی خوێندندا، دەبێتە بنەمایەک بۆ زمانەکە، نەوە لە دوای نەوە، لەم جۆرە وشە و دەربڕاوانە تێبگەن، کە پەیوەستن بە کەلتور و ناسنامەی کۆمەڵ بەمەش گەشەیەکی بەرچاوی زمانی لە هەر قۆناغێکی خوێندندا لای فێرخوازەکە دەبینرێت. دواتریش ئامانجی سەرەکی بەرنامەڕێژییەکە بە دەست دەهێنرێت.

٣- فێرکردن بە زمانی دایک ئاکاری بەریەککەوتنی کەلتوری کە منداڵ ڕوبەڕوی دەبێتەوە لە قۆناغی بنەڕەتی کەم دەکاتەوە، هەروەها هەست کردن بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و متمانەی خۆی لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات.

٤- زمانەکان لە جیبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا یەکسانن، واتە هەمو زمانەکان دەتوانن ئەرکە جۆراوجۆرەکانیان لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە پەیرەوبکەن، بەمەرجیک زەمینەی بۆ برەخسێنرێت جا بوارەکان زانستی بن یان مرۆیی.

٥- کاتێ زمانی دایک ناپارێزرێ، پێوەندییە گرنگەکانی بە خێزان و ئەندامەکانی تری کۆمەڵەی زمانی لەوانەیە لە دەست بچێت.

٦- زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستان لە هەردو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا فرەزمانیە، بەجۆرێک کە بە پێنچ زمان (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکمانی، سریانی) لە دامەزراوەکانی فێرکردن (باخچەی منداڵان و قوتابخانە و کۆلێژەکان) دەرفەتی خوێندنیان بۆ منداڵانی کوردستان ڕەخساندوە.

٧- لە پرۆسەی فێرکردن بە زمانی ئینگلیزی، متمانەکردن بە زمانی کوردی لاوازکردوە، لە بابەتە زانستیەکان هەر لە ئارادا نییە. بەمەش دەردەکەوێت ئەو سیاسەتەی گیراوەتەبەر بەرانبەر زمانی کوردی لە پرۆسەی فێرکردن بریتییە لە سیاسەتی دەست تێوەرنەدان، ئەمەش لە کاتێکدا دروستە کە زمانی نەتەوەیی بەهێز و بەتوانابێت و جێی ترس نەبێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

# Identity and Language of Education in the Kurdistan Region

**Azad Aziz Sleman**[1]
[1]Kurdish Department, College of Basic Education, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This research is intended to shed light on the problems of the Kurdish language in the Kurdistan Region, especially in the field of education and higher education. This is because we assume that in modern life, there is a great risk which threatens our cultural identity in the light of globalization that tries to weaken our natural identity and impose a unipolar cultural dominance of the English language. If in the past the responsibility lies with the enemies of the Kurdish people in crackling down on the kurdish language in the stages of the occupation, the responsibility now lies with the officials of the Kurdistan regional Government (from the Ministry of Education and the Ministry of Higher Education). Because they do not have a policy and plan related to the language, and do not put an end to the disregard of the Kurdish language and the violation of the state law and constitution. In this regard, we have tried to present different views on the language of education in the centers of education and its effects on the linguistic identity of the individual and Kurdish society. In addition, schools and education centers were classified according to languages. Finally, the importance and status of language in the process of education were analyzed in order to reach conclusions on the formulation of a current plan of the Kurdish language in the education process.

**Keywords:** Kurdish Language, Linguistics, Identity, Teaching, Education.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23**

## سەرچاوەکان:

ئیدریس سیوەیلی وهەردی مەهدی(٢٠١٦)، ڕەنگدانەوەی شوناسی نیشتمانی لە کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئێستای پرۆگرامەکان و تێروانینمان بۆ داهاتو، هەولێر.

ئاڤێستا کەمال مەحمود(٢٠١٣)، خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا و کاریگەری لەسەر دروستکردنی جۆراوجۆری زمانی و ناسنامەی نەتەوایەتی، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەردە – میدیا)، هەولێر.

ئیبراهیم قادر محەمەد و نیزام حسن رەشید(٢٠١٦)، شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی،ئێستای پرۆگرامەکان و تێروانینمان بۆ داهاتو، هەولێر.

بیرنارد کەمریَ و جێرید دایەمەند و دەوگ واڵن و ک.دەڤید هاریسن (٢٠٠٧)، زمان، و: کامل محەمەد قەرەداخی،چاپی یەکەم،چاپخانەی تیشک ,سلێمانی.

توره یانسۆن(٢٠١٩)، مێژوی زمان، و: نوری کریم,چاپی یەکەم،چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند,سلێمانی.

شیلان عومەر حسێن(٢٠١٦)، بنەما پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا، ئێستای پرۆگرامەکان و تێروانینمان بۆ داهاتو, هەولێر.

شێروان حوسێن حەمەد(٢٠١٣)، گەشەکردنی زمانی منداڵ بەپێی قۆناغەکانی خوێندن، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەردە – میدیا)، هەولێر.

ڕحیم قادرسورخی(٢٠١٣)، مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەک زمانی زگماک، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

چنار سەعد عەبدوڵلا(٢٠١٦)، بابەتی جینۆساید وەک میتۆدی خوێندن لەسیستەمی پەروەردەی کوردستاندا، ئێستای پرۆگرامەکان و تێروانینمان بۆ داهاتو، هەولێر.

فەرهاد شاکەلی(٢٠١١)، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا،چاپی دوەم،چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

کاروان عومەر قادرو شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٣)،فێرکردن لە نێوان ڕستە و دەقدا، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی(پەروەردە – میدیا)،هەولێر.

محمد معروف فتاح(٢٠١٠)، زمانەوانی، چاپی سێیەم،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

مهاباد قەرەداغی(٢٠٠٠)، زمان و ناسنامە، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، ستۆکهۆڵم

عبدالوهاب خالد موسی (٢٠١٠)،دەستپێک بۆ زمانڤانیا پراکتیکی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر.

یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣)، فێرکردنی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوە, لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

محمد(٢٠١٦)، ململانێی زارەکان(زاری ناوەڕاست و ژورو)

شێرزاد سەبری علی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا (٢٠١٣)، زمانڤانییا کارەکی, چاپا ئێکێ،چاپخانا خانی, دهۆک.

جون جوزیف(٢٠٠٧)، اللغة والهوية، ترجمة: د.عبدالنور خراقي،مطابع المجموعه الدوليه,الكويت.

محمودواحمدالسيد (٢٠١٣)، الهوية واللغة التعليم، الطبعة الاولى، مطابع نقابه المعلمين، دمشق.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23